

راسپاردەکانی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێەکان

1. ئەو هێزانەی کە سەر بەوەزارەتی ناوخۆن لەژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جموجۆڵیان پێبکرێت.
2. رێکخستنەوەی دەزگایی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی ترو یەك خستنیان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پیوەست کردنیان بە هەرێمەوە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییە دروست بوە بۆ پاراستنی گیانی هاولاتیان و سەروەت و سامانیان.
3. قەدەغە کردنی ئالآی حزبی بەسەر چەك و هێزەکانەوە و ئالای کوردستان بشەکێتەوە بە سەریانەوە.
4. پاداشت کردنی هێزەکانی ناوخۆ ئاسایش کە ئێستا لە ئەرك دان وە پێدانی موچەیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە دا لە پێش هەموو وەزارەتەکان بێت.
5. پەرلەمانی کوردستان هەموو لایەنەکان و پێکهاتەکانی کوردستان لەم دۆخەدا کۆبکاتەوە بۆ یەك خستنی گوتاری هاوبەشی هەرێمی کوردستان بە هەمئاهەنگە لەگەل سەرۆکی هەرێمدا جولە بەهێزەکان بکات .
6. ئەو دامودەزگایانەی سەر بە ئیدارەی حکومەتی فیدراڵن لە ڕووی موچە و نەسریەوە حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانیان بدات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا و ئەگەر نەکرا ئەوە لەلایەنی حکومەتی هەرێمەوە چارەسەری بەپەلەی بۆ بدۆزرێتەوە.
7. سزادانی هەر کەسێك لە هەر پلەیەك دابێت کە مەبەستی تالآن و برۆیە و بەم کارەی هێزەکان لە کەدار دەکات و ناکرێت بە کاری ناشرینی چەند کەسێك روی هێزەکان و هەرێمەکەمان ناشرین بکرێت.
8. بۆ قایم کردنی سەنگەرەکان و دروستکردنی هێڵی بەرگری پێویستە ئامێرەکانی شۆفڵ و حەفارە دابینبکرێت بۆ هێزەکانی پ. م و ناوخۆی کوردستان.

9. بۆ دزه نەکردنی تیرۆرستان لە ڕێگەی ئاوارەکانەوە ئامێری پشکنینی پێویست دابنرێت بۆ بازگەکان.

10. لیژنەیەك لە شارەزایانی بواری سەربازی (ئەگەر بکرێت سود لە ڕاوێژکارانی بیانی) بینرێت و سەردانی هێلەکانی بەرگری بکەن بۆ هەلسەنگاندنی رەوشی هێزەکان و دیاری کردنی خاڵە لاوازەکان و مەزەندەکردنی پێداویستیەکانیان و دۆزینەوەی رێگا چارە بۆ گیرو گرفتەکان.

11 پەلە بکرێ لە دابینکردنی پێداویستیەکانی تەندروستی هەر لە دابینکردنی اسعاف و تیمی مەیدانی و داوو دەرمان . بریندارەکانیش بە باشترین شێوە چاودێری پزیشکی بکرێن و، لە کاتی پێویست دا بۆ چارە سەر ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێن.

12 سوود وەرگرتن لە توانای مرۆیی ئەو ناوچانەبە هەموو پێکهاتەکانیەوەو بەشداری پێکردنیان لە ناو هێزەکانی (پ.م)وناوخۆ هەوڵی جدی بدرێ بۆ گەراندنەوەی هەموو ئەو خێزانانەی کە لەبەر مەترسی تیرۆرستان ناوچەکەیان جێهێشتووە تاکو ناوچەکە چۆڵ نەبێت لەخەلك. سوپاسی ئەو هاولاتیانەش بکرێت کە ماونەتەوە لەناوچەکانی خۆیان.